

# ژمارە (یەك)

گۆشەیەکی هونەرییە دیاری قەرەداغی دەینووسێت

● زۆر شت هەیە کە ڕێگای بەردەوامبوونی هونەریی هونەرمەندان دەخاتە مەترسییەوە دەبێتە ڕێگرێکی گەورەو پەرژینێکی دروستکراو بە چواردەوری هونەرو خەیاڵی هونەرمەندا، دەبیستین‌و دەبینین کە ڕەنگە زۆرێك لەو فاکتەرە سەرەکییانەی کە بوونەتە خەم‌و گرێی سەردڵی هونەرو هونەرمەندان، باسکرابێت، جا لە ڕێگای چاوپێکەوتن‌و دواندنەکانیانەوە بێت یان لە ڕێگای نووسین‌و وتارەکانەوە، بەڵام ئەوەی من دەمەوێت باسیبکەم، لەگەڵ ئەوەی کە دیاردەیەکی شاراوەو نامۆ نییە لە پانتاییەکەدا، بەڵام ئەوەیە کە کەمتر قسەی لە سەرکراوەو زۆر بەسستییش دەمانەوێت ئەم دیاردەیە بخەینە ژێر تیشکی ئاماژەو سەرنجەکانمانەوە، دیارە بۆ خۆی ئەم کەمی‌و لاوازیی قسەکردنەش بەشێکە لە بنیادنانی ئەو مەترسییە.

ئەوەی ئەم نووسینەی پێهەڵڕشتم، ئەو بوارە ناسکەیە کە ناوی هونەرەو ئەو هەموو زبرییەیە لە پەیوەندییەکاندا، هەمیشە لەبەردەم یەك ڕێگادایت، یەك ڕەنگ، یەك ئامێر، یەك دەهۆڵ یەك دەزگا، یەك دەڤەر، یەك سەرۆك، یەکو یەکو تا دوایی. گەر دووچاری ئەوە بیت، کاتێك پێویستیت بە کارێك بێت یان شتێك، یان خواستنی ئامێرێکی موزیك لە جێگایەکدا، هەمیشە گوێبیستی ئەم وەڵامەیت:"هەر ئەو قلەمان هەیە".

خۆ گەر بتەوێت لە بەرهەمێکی هونەرییدا چەند ئامێرژەنێك بەیەکەوە کۆبکەیتەوە، ئەوە دەکەویتە بەردەم هەڕەشەو پرسیارە سەیروسەمەرەکانی هەر یەکێکیان کە ئەمانەن:

"گەر ئەو بێت من نایەم".

"نایەمە ئەو ستۆدیۆیە".

"بۆ ئەو گۆرانیبێژە بێوەفایە ئیشناکەم".

"من بیکەم ئەو بیخوات؟".

"بۆ کام تەلەفزیون تۆماریدەکەی؟".

فلان ئامێرژەن ئامێرەکەی تاق‌و تەنهایە هەر بۆ خۆی شت لێدەدات، ئەو ستۆدیۆی تۆمارکردنە لە کوردستاندا تەنها یەك دانەی لەو شتە هەیە، بۆیە ئیشکردن تێیدا بە نۆبەو سەرەیە، پێتخۆشە یان پێتناخۆشە یەك هۆڵ هەیە، هەر ئەوەیە، گەورەیە یان بچوك دەبێت لەسەرەدابیت بۆی، گەر بەدڵیشت نییە زۆر خەفەت مەیە بە دڵت، دەتوانیت پرۆژەکانت دوابخەیت‌و چاوەڕوانبیت تا هۆڵی ژمارە (2) دروستدەکرێت‌و دەکرێتەوە!!

دەگەیتە ئەو قۆناغەی بەرهەمەکەت بڵاودەکەیتەوە، دۆشداماویت نازانیت چ کەناڵێك لێتوەردەگرێت، گەر ئەو وەریبگرێت ئیتر لای ئەوی تر دەبێتە بڤەو حەرام، زۆرجارانیش کە بە خۆت‌و بەرهەمێکی هونەری دەچیتە کن کەناڵێکی تەلەفزیۆنی، تەماشادەکەیت دەموچاوەکانی ئەو کەناڵە هاوسۆزو هاوڕێ نین لەگەڵ ئەو سەرچاوەیەی کە بەرهەمە هونەرییەکەی تۆی لێدروستکراوە، ئیتر تۆو بەرهەمەکە دەبنە مەڕی قوربانیی..

بۆ دەبێت تەنها یەك دانە کۆمپانیای بڵاوکردنەوەی بەرهەمی هونەرمەندان بێ مونافیس وەك بولبول بخوێنێت؟ دەپرسم ئایا ئەوە مەرجەکانی ئەوان لەسەر مەینەتییەکانی هونەرمەند زیادناکات؟ وەك لەوەی هونەرمەند مەرجی هەبێت!!

ئەی کە تاقە ستۆدیۆیەك چوارمشقی لە ساحەکەدا دابنیشێت، بۆ حەقی خۆی نەبێت بەکەیفی خۆی هەڵسوڕێت‌و نرخ دابنێت‌و داوای پارەی خەیاڵی لە هونەرمەند بکات، تۆ بڵێیت سەرجەم هونەرمەندانی کورد بانقەکەی حکومەتیان بۆ خرابێتە سەر پشت؟

لێرەوە ئەم پرسیارانە بەکراوەیی بە جێدەهێڵم بەبەری کێدا دوورا پیرۆزە:

1. بۆ یەك کورسی بۆ دانیشتن‌و کوڕگەلیش بە پێوە؟
2. بۆ یەك دەم بۆ بڕیار، خۆ ئەوانی تر لاڵ نین؟
3. بۆ هەزار هەڵەو یەك ڕەخنە؟
4. چ مانایەکە یەك هۆڵ بۆ موزیك‌و گۆرانی بۆ بەرنامەو بۆ کۆبوونەوەو بۆ شەکراوو بۆ چلە؟
5. ئەمە چییە؟ یەك ستۆدیۆ، یەك ئامێر، یەك پیاو، دە مەعاش؟!
6. بۆ لەبری ئەوەی کە هەموو گفتوگۆیەکی هونەری جوان بکەین تا ببینە هونەرمەندی (یەکەم)، کەچی شەڕی ئەوە بکەین کە تەنها (یەك) هونەرمەند بین؟!!
7. ئەم ڕەقەم(یەك)ییە چییە؟

وەی لە حەسرەتی ڕازیبوون بە (یەك ڕەقەمی، یەك تەندەری، یەك بیرۆکەیی، یەك سەرکردەیی تا ڕۆژی قیامەت بێ گۆڕان).

قورسە تا دەمرین هەر (یەك) دەبین‌و یەکنابین.